## لە ڕۆژی حوکمدانی عەلی کیمیاوی ڕۆژنامەیەکی سویدی بە ناوی( SVENSK DAGBLADET )
## سەبارەت بە حوکمەکەی عەلی کیمیاوی، لە ماڵەکەی خۆمدا بەسەری کردمەوە.

**ئارام قزلەری**




لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردودا، تاوانە بێ وێنەکانی بەعسی فاشی لە ئەوروپادا سەرنجی مێدیاکانی ڕاکێشاوە و بەردەوام چاو پێکەوتن لەگەڵ کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال ڕێکدەخەن. ئەگەرچی هەتا ئێستا پرسیارە هەرە گرنگەکە نەخراوەتە ڕوو: کام وڵاتانە بۆ ئامادەکردنی گازە ژەهراوێکان پشتگیری ڕژێمە لەناوچۆکەی بەغدایان کرد؟ ئایە دەکرێت ئەوە هەنگاوی داهاتوی مێدیاکان بێت؟ حوکمدانی ڤان ئەنرات بە 15 ساڵ زیندانی یەکەم هەنگاوی مەزن و بوێرانەیە کە تێوەگلانی وڵاتانی دەرەوە لە ئەنفالدا دەسەلمێنێت.

دادگای تاوانی باڵا لە بەغدا ناوی 162 کەسی کوردی ئاشکرا کرد کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشدار بوون، داخێکی گەورەیە و لە مێژوومان‌دا نشوستیەکی مەزنە کە ئێمەی خاوەن دامودەزگای دەسەڵات تەنها بینەر دەبین و بگرە خۆمان لەبەردەم دادگای بەغدا گەواهی دژ بە خۆمان دەدەین.

بۆ ئەو کارە دەبوو دادگاکانی حکومەتی کوردستانی گەورەساڵ دەستپێشکەر بوایە، سەرەڕای ئەوەی یاسا و سیستەمی داگا لە کوردستاندا پتر لە 15 ساڵە بەرپا بووە بەڵام زۆر بەداخەوە جاشی کورد و زۆڵەکوردی بەعسی بە یاسای عێراق حوکم دەدرێن، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو تاوانبارانە لە نێوانماندان و بگرە هەندێکیان هێشتا پلەو پایەی کۆمەڵایەتیان لە دەست نەداوە، هەر ئاغان و هەر گەورەی دیوەخانی کۆمەڵایەتیمانن.

کاتی ئەوە هاتووە کە برگە و خاڵی یاسای سزا ڕەنگ بکەینەوە و بەکاریان بهێنین. بە لانی کەم دەبێت ئێمە بە زار و هۆشی خۆمان گەندەڵە خوێنمژەکانی نێو دەستەی دەسەڵات بە دادگا بگەێنین و چی دی چاوەڕوانی ئەوە نەبین بەغدا بەرەو دادگا بەکێشیان بکات.

ئەمەش کورتەیەکی ئەو چاو پێکەوتنەیە:



FOTO: INGVAR KARMHED

چوار لە کەس و کاری ئارام قزلەری کە دەکاتە دوو برای دایکی خوشکێکی لە پرۆسەی ئەنفالی دژ بە کورد کە ساڵی 1988 بەڕێدەچوو لە ناوچوون. ئەو پێی وایە حوکمدانی عەلی کیمیاوی بە لە سێداران جۆرێک بێت لە ماف وەرگرتنەوە.

- ئێمە دڵخۆشین وەلێ جارێکی دی چاومان بە کەس و کارە شیرینەکەمان ناکەوێتەوە.

SVD چاوی بە ئارام قزلەری و خێزانەکەی کەوت، کە بریتین لە تابانی هاوسەری و دوو منداڵەکەی راڤا و یارا، ماڵەکەیان دەکەوێتە سۆڵنتونا. هێندە نابێت هەواڵی حوکمدانی عەلی حەسەن مەجیدیان پێ ڕاگەێندراوە کە بە لەسێدارەدانە، ئەو کەسەی کە پرۆسەی ئەنفالی بەڕێوە دەبرد،182000 کورد لەو پرۆسە سەربازیەدا کوژران.

وا هەست دەکەین مافمان سەندرابێتەوە، عەلی حەسەن مەجید ئێمەی کرودی دوچاری کارەساتێکی گەورە کرد. هۆی کوشتنی هەزاران کەسی بێ چەک بوو، زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

لە ئەنفالدا دوو  برا و خوشکێکی و دایکی لە ناوچوو. ئاسایشی عێراق لە شەوی 29 مانگی نۆی 1987دا هاتنە سلێمانی و خێزانەکەی بە کێش کرد. ئەو خانووەی تێیدا دەژیان لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە تێکدراو دەستیش گیرا بەسەر تێگڕای ماڵو شتومەکەکانیاندا  پاشان تەختکرا. ئارام پاش مانگێک لە شارەکەی خۆی پێی زانی کە برا پچوکەکەی بە دارەوە بەستراوە و گولە باران کراوە. دوا بەدوای ئەوە هێزەکانی ئاسایش هاتنەوە سەریان و داوای خەرجی گولەکانیان لێکردن و پارەی هەموو ئەو گولانەیان لێ سەندنەوە کە براکەیان پێ گولە باران کردبو.

بۆ یەکەم جار پاش ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی 1991 لە باکوری عێراق، ئارام بە هەواڵی کوشتنی کەسوکاری زانی. بۆ زانینی بکوژەکان بە بەردەوامی و ماوەیەکی زۆر هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگەی دەدا. ئەمە ئەو بەڵگەی تێوەگلانی عەلی حەسەن مەجیدە کە بەرپرسی کوشتنی کەسوکارمە، ئارام بەڵگەنامەیەک بەرزدەکاتەوە و دەڵێت لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بەدەست کەوتووە.

بۆیە خۆش حاڵم بەو حوکمە، من دژی هەموو کوشتنێکم بەڵام عەلی حەسەن مەجید لە پشت هەموو کوشتار و دژهوارکردنی ژیانی کورد بوو.

Anders Haraldsson

زۆر  سوپاس بۆ وەرگێر لە سویدیەوە بۆ کوردی کاک زانا قادر لە گەڵ ڕیزمادا.